<u>ئۆفیسی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان</u>

**(وەڵامی تۆمەتەکانی رێکخراوی هیومان رایتس وۆچ)**

**لەبارەی راپۆرتی**

**(کوردستانی عێراق کوشتنی بە کۆمەڵی دەستگیرکراوان)**

**2020 Updated**

## پێشەکی:

لە ماوەی ساڵانی رابردوودا بەتایبەتی لە دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردستان رێکخراوی هیومان رایتس ووچ بەردەوام راپۆرتی بڵاوکردۆتەوە و رەخنەی توندی ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، بێ ئەوەی وەک پێویست ئاماژە بەو سەروەریانە بکات کە حکومەتی هەرێم لە ماوەی شەڕی داعش و پێشتریش تۆماری کردووە و لە پێش هەمووشیانەوە پێشوازی کردنی حکومەتی هەرێم لە نزیکەی دوو ملیۆن پەنابەر و راگوێزراوی ئەو ناوچانەی کە بەر هێرشی داعش کەوتوون و بەشی هەرەزۆریشیان هاووڵاتی عەرەبی سوننە بوون سەرەڕای قەیرانی ئابووری و دارایی و بڕینی بودجە و موچە لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت رێکخراوی هیومان رایتس ووچ هەمیشە راپۆرتەکانی بەشێوەیەک بڵاوکردۆتەوە کە گومان دەخاتە سەر بێلایەنی ئەو رێکخراوە ئەمەش لە زۆر رووەوە بە ئاشکرا دیارە بۆ نموونە: ئۆفیسی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشی وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی (هیومان رایتس ووچ) هەیە بۆیە بەر لە بڵاوکردنەوەی راپۆرت و بەیاننامەکانیشیان پرسیارەکانیان راستەوخۆ ئاراستە کردووە، بەڵام ماوەیەکی زۆر کورت دادەنێن بۆ وەڵامدانەوە یان ئەو کاتانە ئاگاداری لایەنە حکومییەکان دەکەنەوە کە وەڵامدانەوە و روونکردنەوەی پرسیار و تێبینییەکانیان ئاسان نەبێت وەک رۆژانی هەینی و شەممە و پشووە رەسمییەکان، تەنانەت زۆر جار ئەگەر وەڵامیشیان بدرێتەوە ئەوا وەک پێویست ئاماژە بە روونکردنەوەکان ناکەن.

لەلایەکی دیکەوە ئەو سەرچاوانەی کە رێکخراوی ناوبراو لە راپۆرتەکانیدا دژی هەرێمی کوردستان پشتی دەبەستێت سەرچاوەی روون و ئاشکرا و باوەڕ پێکراو نین، لە هەمان کاتدا بەشێکی زۆریان زۆربەیان هاوسۆزی داعشن وهاوکارییان کردووە لە کاتی هێرشەکانیان بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان و دواتریش بەشێوازی جیاجیا هاوکاریی کردوون وەک پێدانی زانیاری سەربازی و ئاشکراکردنی شوێنی کۆبوونەوە و جموجوڵەکانی هێزەکانی پێشمەرگە، هەروەها لە کاتێکدا کە گەلی کوردستان خۆی گەورەترین قوربانی

دەستی تیرۆر بووە لە ئێستا و لە رابردووشدا، بەڵام هیومان رایتس ووۆچ ئەمەی پشتگوێ خستووە بەڵکو لە رێگای راپۆرتەکانیدا وا نیشان دەدات کە هێزی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان تاوانبارن نەک قوربانی.

ئەم پەلە کردنەی هیومان رایتس ووۆچ لە ئاراستە کردنی پرسیار و تێبینییەکانیان و لەبەرچاو نەگرتنی ئەو راستییەی کە گەلی کوردستان خۆی گەورەترین قوربانیی دەستی تیرۆرە ئەوە نیشان دەدات کە راپۆرتەکانی رێکخراوی ناوبراو بێلایەن نین و سیاسین و لەو رێگایەوە نیەتی ئەوەی هەیە راستیەکان دەربارەی داموەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە بشێوێنێت و هەوڵی ناوزڕاندنیان بدات لە هەمان کاتدا دەیەوێ لەو ئەرکە کەم بکاتەوە کە حکومەتی هەرێم لەسەر شانی هەڵگرتووە لە پێشوازی کردن لە نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەر و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست پێیان، هەروەها هەوڵ دەدات دەرفەتی هاریکاری و هەماهەنگی نێوان حکومەت و لایەنە نێودەوڵەتییەکان کەم بکاتەوە، چونکە ستراتیژیەتی حکومەت بریتییە لە هەماهەنگی و هاوکاری کردن لە بابەتی پێدان و ئاڵۆگۆڕی زانیاری.

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی داعش ژمارەیەک چەکداری بیانی بەشدارییان کرد لەو هێرشانەی کە بۆ سەر چەند ناوچەیەکی کوردستان ئەنجامدران بەتایبەتی لە سنووری پارێزگای نەینەوا، لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانەکانیش ژمارەیەکیان کەوتنە دەست هێزەکانی پێشمەرگە کە خاوەن رەگەزنامەی جۆراوجۆر بوون، بەڵام دوای رێککەوتن لەگەڵ کونسوڵخانەی ئەو وڵاتانە یان باڵیۆزخانەکانیان لە بەغدا و عەممان و هەندێک جار لە رێگای وڵاتی سێیەمەوە رادەستی وڵاتەکانیان کرانەوە، ئەم دەستگیرکراوانەش خاوەن رەگەزنامەی چەند وڵاتێک بوون لەوانە: (چیچان، کازاخستان، چین، روسیا، تورکیا، ئێران، ئەمریکا و یابان).

بە درێژایی سێ ساڵەی شەڕی داعش، ژمارەیەکی زۆری تیرۆریستان کەوتنە دەست هێزەکانی پێشمەرگەوە و هەر لە سەرەتاوە حکومەتی هەرێم ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ رادەستکردنەوەیان بە حکومەتی عێراق بۆ ئەم مەبەستەش نزیکەی (5) وەجبە تەسلیم بە بەغدا کراونەتەوە هەر وەجبەیەک (100-150) کەس بووە، ئەم پڕۆسەی تەسلیم کردنەش، رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لێی ئاگادارن.

زوومار و دەوروبەری زیاتر لە سێ مانگ لەدەست هێزەکانی داعش بوون و بە تەنها لە رزگارکردنی زوممار هێزی پێشمەرگە (50) شەهیدی داوە و بەدرێژایی ئەو سنوورە کۆی گشتی شەهیدەکانی هێزی پێشمەرگە (716) شەهیدە لە میحوەری رۆژئاوای موسڵ. سنووری رووبەرووبوونەوەی نێوان هێزی پێشمەرگە و داعش زۆر فراوان بوو و لەو ماوەیەدا بەردەوام تیرۆریستان هەوڵیانداوە کرداری خۆکوژی ئەنجام بدەن و لەم

کردەوە تیرۆریستانە جگە لە تیرۆریستان خەڵکی سڤیل و تەنانەت پێشمەرگەش بوونەتە قوربانی. هەروەها لەبەر سەختی شەڕەکان و نزیکی سەنگەرەکان لە یەکتری نەتوانراوە وەک پێویست تەرمەکان بنێژرێن، بۆیە زۆر جار بەشێوەی کاتی(ئەمانەت) بەپێی شەریعەتی ئیسلامی نێژراون و دوور نییە ئێستاش گۆڕی بە کۆمەڵ هەبن کە قوربانیانی دەستی داعشن.

 لەلایەکی ترەوە کوژرانی ژمارەیەکی زۆری چەکدارانی سەر بە داعش لە سنووری ڕۆژئاوای دیجلە روون و ئاشکرایەو تۆمارکراوە بەشێوەیەکی ڕۆژانە. سەبارەت بە بەشێک لەو ڤیدیۆیانەی بڵاو دەبنەوە لەسەر پێشمەرگە، لە کاتی هێرشەکانی داعش بۆ سەر ساترەکانی هێزی پێشمەرگە و جێمانی تەرمەکانیان بەتایبەتی ئەوانەی هێرش دەکەن و کرداری خۆکوژی ئەنجام دەدەن، هێزەکانی پێشمەرگە ناچارن بۆ پاراستنی ئەمن و سەلامەتی خۆیان و سەنگەرەکانیان ئەو تەرمانە بپشکنن بۆ دڵنیا بوون لە نەبوونی پشتێنەی بۆمبڕێژکراوە و تەقەمەنی، هەروەها بۆ زانینی ناوەکانیان و وردبوونەوە لە ناسنامە و رەگەزنامەکانیان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی پێویست لە بوونی هەر حاڵەتێک کە پێشێلکاریی مافی مرۆڤی تێدا بێت، و ئێستاش ئامادەیە بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بەم بابەتە، ئەمەش بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەو پرەنسیپانەی کە پێوەی پابەندە و پەیڕەوی دەکات.

**هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی داعش:**

ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ لە راپۆرتەکەیدا وا نیشان دەدات کە هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش پێشێلکارییان بەرامبەر بە دیلەکانی داعش ئەنجامداوە و بۆ ئەم مەبەستەش داوای لێکۆڵینەوە لەو رووداوانە و خستنەرووی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکان دەکات. ئەمە لە کاتێکدایە کە بە هەزاران هاووڵاتی کوردستانی بەتایبەتی لە پێڕەوانی ئایینی ئێزیدی ڕووبەڕووی گەورەترین تاوان بوونەوە لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش کە خۆی لە کۆمەڵکوژی هەزارانیان دەبینێتەوە ئەمە جگە لە رفاندن و بێ سەروشوێنکردنی هەزارانی دیکە کە تا ئێستاش چارەنووسی بەشێکی زۆریان دیار نییە.

بۆ رزگارکردنی ئەو ئێزیدییانەی کە لەلایەن داعشەوە رفێندراون، حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی پێکهێناوە کە بەردەوامە لە کارەکانی، بە هەوڵ و کۆششەکانی ئەم لیژنەیە ژمارەیەکی زۆریان بە ڕێگای جیاجیا رزگار کراون و دوای رزگار کردنیشیان حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زۆر رووەوە ئاسانکاری

پێشکەش کردوون بۆ ئەوەی بتوانن بگەڕێنەوە بۆ نێو کۆمەڵگا و ژیانی ئاسایی خۆیان دەستپێبکەنەوە، چونکە لە رووی دەروونییەوە لە ئەنجامی ئەو رووداوانە شڵەژابوون.

بەپێی دوایین ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارەی ئافرەتە رفێنردراوەکان بەم شێوەیە بووە: بەر لە هاتنی داعش ژمارەی ئێزیدییەکان لە عێراق نزیکەی (550000) پێنج سەد و پەنجا هەزار کەس بووە، لە ئەنجامی داگیرکردنی ناوچەکانیان لەلایەن داعشەوە نزیکەی ( 360000) سێ سەد و شەست هەزاریان ئاوارە بوون و (1293)یان شەهید بوون، (6417) هاووڵاتی کوردی ئێزیدی رفێندراون لەوانە ( 3547)یان ئافرەت و (2870)یان پیاو بوون، لەلایەکی دیکەوە هەر لە ئەنجامی ئەم هێرشە دڕندەیەی تیرۆریستان (٦٧) گۆڕی بە کۆمەڵ و دەیان گۆڕی تاک تاکی ئێزیدییەکان دۆزراونەتەوە و (٦٨) مەزارگە و شوێنی ئایینی خاپوور کراون، بەڵام رێکخراوی ناوبراو وەک پێویست و لە ئاست گەورەیی ئەم تاوانە زەقی نەکردۆتەوە و ئاماژەی پێنەکردووە.

لە بەرامبەردا ئەم لایەنانەی کە قوربانیی ئەم جینۆسایدەن تۆمەتبار دەکات، بەڵام بە هەوڵە بەردەوامەکانی حکومەت تا رۆژی 2/10/ 2018ژمارەی ئێزیدییە رزگارکراوەکان (3263) بووە لەوانە (1148) ئافرەت و (336) پیاو و (929) کچ و (850) کوڕ رزگار کراون، ئەوانەی تا ئێستا رزگار نەکراون ژمارەیان (3154) کەسە لەوانە (1471) ئافرەت و (1683) پیاو کە لە دەست داعش ماون.

هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام داوای لەلایەن نێودەوڵەتییەکان و حکومەتی عێراقیش کردووە کە پێویستە لیژنەی لێکۆڵینەوە پێک بهێنرێت بۆ رووداوەکانی دوای هاتنی داعش بەتایبەتی بە جینۆساید ناساندنی کەیسی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان بەتایبەتی برا ئێزیدییەکان. ئەم پرۆسەیە لە رووی نێودەوڵەتییەوە ئاستەنگی لە پێشە چونکە وڵاتی عێراق رازی نییە ببێتە ئەندام لە رێکەوتننامەی رۆما و دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و رێگاش نادات پسپۆرانی ئەم دادگایە لێکۆڵینەوە لەو کەیسانە بکەن، سەرەڕای ئەمەش حکومەتی هەرێم لیژنەیەکی دامەزراندووە کە پێکهاتووە لە نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی کار بکات لەسەر جینۆساید ناساندنی کەیسەکان. ئەرکی سەرەکی ئەم لیژنەیە کۆکردنەوەی زۆرترین بەڵگە و دوکیۆمێنتە لەسەر رووداوەکانی دوای هێرشەکانی داعش و تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر بەڵگە لەسەر ئەم تاوانە کۆکراونەتەوە، بەمەش حکومەتی هەرێم لە هەوڵەکانیدا بەردەوام دەبێت بۆ گرتنە بەری رێکارە یاساییەکان و پێشکەش کردنی بەڵگە پەیوەندیدارەکان بۆ دادگای باڵای تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای.

<u>**رێوشوێنی ئەمنی لە کاتی دەستگیر کردنی تیرۆریستانی داعش**</u>:

له دوای شەڕی داعش لایەنە ئەمنییەکان چەند ڕێوشوێنێکی تایبەتیان گرتۆتە بەر لە کاتی دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی گومانی پەیوەندی کردنیان بە داعشەوە لێدەکرا، لە هەمان کاتدا ئەوانەی کە دەستگیر دەکران هەموو مافێکیان هەبووە وەک سەردانی کردنی کەسوکاری و ئاگادارکردنەوەیان لە کاتی دەستگیرکردنیان و بوونی پارێزەر. لەلایەکی ترەوە لەگەڵ هاتنی راگوێزراوان بۆ ساترەکانی هێزی پێشمەرگە وەک رێوشوێنێکی ئەمنی تەنیا پیاوەکان دەپشکێندران، بەڵام ئافرەت نەدەپشکێنران بەهۆی رەچاوکردنی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و حورمەتی خەڵکەکە، ئەو پشکنینەش زۆر ئاسایی بووە بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی کەسانی تیرۆریست و خۆکوژ لە نێویاندا. دواتر دەگوازرانەوە بۆ سەنتەرەکانی پێشوازی لە کەمپەکان.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە لە هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی 2006 کە بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) ناسراوە پەیرەو دەکرا، ئەو یاسایە تا 2016/7/16 کاری پێکرا. بەڵام ئێستا لە هەرێمی کوردستان بۆ دادگایی کردنی ئەو کەسانەی بە کاری تیرۆریستییەوە تێوەگلاون کار بە یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی 2003ی پەرلەمانی کوردستان و یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی 1969ی هەموار کراو دەکرێت.

بەردەوام مامەڵە کردن لەگەڵ دەستگیر کراوانی داعش و رێوشوێنە تایبەتەکانی دەزگا ئەمنییەکان جێگای تێبینی و سەرنجی لایەنە نێودەوڵەتییەکان بووە و هەمیشە پرسیاریان هەبووە لە رەوشی گیراوان و ئەوانەی بێتاوان دەردەچن و ئەوانەی تۆمەتبار دەبن. لێرەدا دووپات دەکەینەوە کە هەر تۆمەتبارێک تا تۆمەتەکەی بەسەردا نەسەپێنرێ بێتاوانە و ئەمەش لەسەر دەستگیرکراوانی داعشیش پیادە دەبێ واتە یەکسانن لە بەردەم دادگا و دەتوانن پارێزەریان هەبێت.

لە ماوەی 2014-2016 بەپێی ئامارەکانی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێم (2652) کەس بە تۆمەتی پەیوەندییان بە داعشەوە دەستگیرکراون، (1100) تۆمەتی پەیوەندی کردنیان بە داعشەوە بەسەردا ساغ بۆوە بە بەڵگەوە و حوکمەکەشیان بریتی بووە لە زیندانی لە نێوان سێ ساڵ تا زیندانی هەتاهەتایە بەپێی قەبارەی ئەو تاوانەی ئەنجامداوە، هەروەها (870) شیان بێتاوان دەرچوون و ئازاد کران، (682)شیان تا ئێستا لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدان.

ليستی دەستگيرکراوانی داعش بە گشتی لە ساڵانی 2014 - 2016  بەم شێوەیە بووە:

| شارەکان | دەستگیرکراوەکان | سزادراوان | ئازادکراوان | لەژێر لێکۆڵینەوەدان |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 675 | 619 | 56 | - |
| سلێمانی | 35 | - | 22 | 13 |
| دهۆک | 1594 | 456 | 616 | 522 |
| کەرکوک | 348 | 35 | 176 | 137 |
| کۆی گشتی | 2652 | 1110 | 870 | 672 |

لەلایەکی ترەوە بەڕێوەبەرایەتی دژە تیرۆری هەرێم ئاماری دەستگیرکراوانی داعش لە شەش مانگی کۆتایی 2017 ئاشکرا کرد  کە لەم ماوەیەدا (709) ئەندامی داعش یان گومانلێکراو دەستگیرکراون یان خۆیان رادەست کردووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- (279) بەندکراو بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە یان بە بڕیاری دادگای یان بە بڕیاری دادگای تاوانەکان ئازادکراون.

2- (٢٧) بەندکراو لەلایەن دادگاوە حوکمدراون بە زیندانیکردن بە سزای جۆراوجۆر.

3- (١٥٦) بەندکراو ئێستا لە دادگای تاوانەکانن و چاوەڕوانی بڕیاری دادگان بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسیان لە داهاتوودا.

4- (٢٤٧) بەندکراو ئێستا لەژێر لێکۆڵینەوەدا ماون لە دادگای لێکۆڵینەوە لە داهاتوودا چارەنووسیان یەکلایی دەکرێتەوە.

**<u>رادەستکردنەوەی دەستگیرکراوانی داعش بە حکومەتی عێراق:</u>**

بەپێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر ژمارەیەک لە دەستگیرکراوانی داعش رادەستی حکومەتی عێراق کراون و بڕیار وایە ژمارەیەکی دیکەشیان رادەست بکرێنەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەو تۆمەتبارانەی کە رادەستی حکومەتی ناوەندی عێڕاق کراون ژمارەیان (853) هەشت سەد و پەنجا و سێ بەندکراوە و بەشێکیان ئەو راگیراوانەن کە پێشتر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی دژە تیرۆرەوە دەستگیر کرابوون بەپێی ئەم دوو بڕیارە:

- بە بڕیاری دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر (277) دوو سەد و حەفتا و حەفت بەندکراو بەپێی ماددەی (سێ یەم/ 7 تیرۆر) ڕەوانەی (دادگای لێکۆڵینەوەی نەینەوا/ تیرۆر) کراون بە (5) پێنج قۆناغ و لە هەر وەجبەیەک (50 تا 55) بەند کراو بوون.
- بە بڕیاری دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر (576) پێنج سەد و حەفتا و شەش بەندکراو بەپێی ماددەی (چوارەم/ 1 لەیاسایی ژمارە 13ی ساڵی 2005) ڕەوانەی (دادگای لێکۆڵینەوەی رصافە/ بغداد) لە ڕێگای وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە فڕۆکە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بە (5) پێنج قۆناغ لە هەر وەجبەیەک (100 تا 120) بەندکراو ڕەوانەکراون و هەموو لیستەکان بە ناوی چوارین و پسوولەی ڕادەست کردن بڕیارە بدرێنە ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی.

**<u>سەبارەت بەو تۆمەتبارانەی کە بڕیار دراوە ڕەوانەی حکومەتی ناوەندی عێراق بکرێن:</u>**

ئێستا نزیکەی (328) سێ سەد و بیست و هەشت بەندکراوی تر لەلایەن دادگاوە بڕیاری لەسەر دراوە کە ڕەوانە بکرێن بۆ (دادگای لێکۆڵینەوەی رصافە/ بغداد) بەپێی ماددەی(چوارەم/ 1 لەیاسایی ژمارە 13ی ساڵی 2005) وە لە داهاتوودا ڕەوانەدەکرێن.

**<u>سەبارەت بەو تۆمەتبارانەی ئێستا لەژێر لێکۆڵینەوەدان بە بڕیاری دادگا:</u>**

لە ئێستادا بە تۆمەتی پەیوەندی بوون بەداعش (640) شەش سەد و چل تۆمەتبارە لە ئاسایش ڕاگیراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت یاخود چاوەڕێی دادگایی کردن دەکەن.

**سەبارەت بەو تۆمەتبارانەی کە لەلایەن دادگاوە سزادراون:**

لەساڵی (2015) وە سەرەتای دروست بوونی داعش تاوەکو ئێستا (508) پێنج سەد و هەشت تۆمەتبار سزادراون بە بڕیاری دادگاوە، دواتر ڕەوانەی بەندیخانەی چاکسازی گەوران و بەندیخانەی چاکسازی ژنان و منداڵان کراون بەمەبەستی بەسەر بردنی ماوەی بەندیەکەیان.

لەبەرئەوەی داعش ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە ڕۆژانە چەندین تاوان ئەنجام دەدەن لەم شوێنانەی کە دەستیان پێ دەکات و دەبنە هۆی ترس و دڵەڕاوکێی خەڵک و ئەرکی سەرەکی ئاسایش بریتییە لە دابینکردنی ئارامی و سەقامگیری بۆ هاووڵاتیان، هەروەها دەرچوونە لە یاسا بۆیە بەپێی ماددەکانی یاساکانی تیرۆر (سێیەم/ 7 تیرۆر) و (دووەم/ 4 تیرۆر) و (سێیەم/ 5 تیرۆر) و (دووەم/ 1 تیرۆر) و (یەکەم و دووەم لە یاسایی ژمارە 8ی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان) وەکو تۆمەتبار لە ئاسایش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت.

بەندیخانەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش دەرگاکانی واڵان بۆسەردانی کردنی خاچی سووری نێودەوڵەتی بەبێ ئاستەنگ و کاتێکی دیاری کراو، بۆنموونە لە ڕێکەوتی (2018/2/1) تاکو (2018/2/19) خاچی سووری نێودەوڵەتی (10) دە جار سەردانی بەندیخانەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێری کردووە لە ڕێکەوتەکانی (4-5-6-7-8-11-12-13-14-2018/2/15).

**ژمارەی ئەو گیراوانەی کەوا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش هەولێر ڕادەستی دادگای لێکۆڵینەوەی پارێزگای نەینەوا بەشی ئیرهاب کراوە بە نووسراوی فەرمی بەو شێوەیەی خوارەوەیە:**

1. نووسراوی ژمارە (4080) لە رێکەوتی (2017/8/16) هەستاون بە رادەستکردنی(50) کەس کە بەناوی (1/علی محمود عبدالله مدالله) دەست پێدەکات و بە ناوی (50/اثیر عبدالله وگاع عبدالله) کۆتایی دێت، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی ماددە (سێیەم/7 ئیرهاب) تۆمەتبارن.

2. نووسراوی ژماره (6021) له ڕێکەوتی (2017/11/18) هەستاون به ڕادەستکردنی هەردوو تاوانبار (خلف حسين احميد حسين) و (هيثم بريبش جبر مهدى) لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (421/تاوانەکان) تۆمەتبارن.
3. نووسراوی ژماره (6020) له ڕێکەوتی (2017/11/18) هەستاون به ڕادەستکردنی(15) کەسه که بەناوی (1/ ذياب محمود محمد احمد) دەست پێدەکات و به ناوی (15/ وعد مصطفى محمود محمد) کۆتایی دێت، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (سێیەم/7 ئیرهاب) تۆمەتبارن.
4. نووسراوی ژماره (2880) له ڕێکەوتی (2017/6/11) هەستاون به ڕادەستکردنی(50) کەس که بەناوی (1/ محمد عبدالله على عبيد) دەست پێدەکات و به ناوی (50/ بهاء مجيد حسين على) کۆتایی دێت، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (سێیەم/7 ئیرهاب) تۆمەتبارن.
5. نووسراوی ژماره (225) له ڕێکەوتی (2018/1/11) هەستاون به ڕادەستکردنی (50) کەس که بەناوی (1/ عبدالعزيز احمد رمضان سليمان) دەست پێدەکات و به ناوی (49/ وعد خضر محمد غضبان) کۆتایی دێت، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (سێیەم/7 ئیرهاب) تۆمەتبارن.
6. نووسراوی ژماره (6019) له ڕێکەوتی (2017/11/18) هەستاون به ڕادەستکردنی (59) کەس که بەناوی (1/ محمد ابراهيم خلف يوسف) دەست پێدەکات و به ناوی (59/نجم عبدالله عباس جمعه) کۆتایی دێت، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (سێیەم/7 ئیرهاب) تۆمەتبارن.
7. نووسراوی ژماره (4935) له ڕێکەوتی (2017/10/1) هەستاون به ڕادەستکردنی تاوانبار (باسم حسين على حسين الجبورى) که پێشتر به ماددەی (چوارەم/1ئیرهاب) داواکراوە.
8. نووسراوی ژماره (4934) له ڕێکەوتی (2017/10/1) هەستاون به ڕادەستکردنی(50) کەس که بەناوی (1/محمد عبدالمجيد احمد محمد) دەست پێدەکات و به ناوی (50/ فواز محمد جاسم محمد) کۆتایی دێت، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (سێیەم/7 ئیرهاب) تۆمەتبارن.

**ژمارەی ئەو گیراوانەی کەوا رادەستی دادگای لێکۆڵینەوەی پارێزگای بەغدا کراوە بە نووسراوی فەرمی:**

1. نووسراوی ژمارە (ل-هـ/6250) لە رێکەوتی (2017/12/3) هەستاون بە رادەستکردنی (100) کەس کە بەناوی (1/ اياد عيدان حسين وضح) دەست پێدەکات و بە ناوی (100/علی ابراهيم ثلاج كريط) کۆتایی دێت، بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.
2. نووسراوی ژمارە (ل-هـ/6800) لە رێکەوتی (2017/12/26) هەستاون بە رادەستکردنی(67) کەس کە بەناوی (1/ثامر حمد علی صالح) دەست پێدەکات و بە ناوی (67/خليل ابراهيم احمد عبدالله) کۆتایی دێتلەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (1/4لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە 13 بۆ ساڵی 2005) تۆمەتبارن بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.
3. نووسراوی ژمارە(ل-هـ/6802) لە رێکەوتی (2017/12/26) هەستاون بە رادەستکردنی(43) کەس کە بەناوی (1/احمد شاكر محمود عباس) دەست پێدەکات و بە ناوی (43/ هشام عطيه شهاب احمد) کۆتایی دێت، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (1/4 لە یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر ژمارە 13 بۆ ساڵی 2005) تۆمەتبارن،بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.
4. نووسراوی ژمارە (ل-هـ/6801) لە رێکەوتی (2017/12/26) بابەت ناردنی تاوانبارانی راگیراو، ئاراستەی دادگای لێکۆڵینەوەی ناوەندی رەصافە کراوە ، هەستاون بە رادەستکردنی(50) کەس کە بەناوی (1/حسام حمد طه ياسين) دەست پێدەکات و بە ناوی (50/هیدايەت نهاد عبدالله قمبر) کۆتایی دێت، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (1/4لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە 13 بۆ ساڵی 2005) تۆمەتبارن بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.
5. نووسراوی ژمارە (ل-هـ/6848) لە رێکەوتی (2017/12/26) هەستاون بە رادەستکردنی(50) کەس کە بەناوی (1/رعد ابراهيم حيص مصطفى) دەست پێدەکات و بە ناوی (50/عامر ذياب

علی یاسین) کۆتایی دێت، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (1/4له یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە 13 بۆ ساڵی 2005) تۆمەتبارن،بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.

6. نووسراوی ژمارە (ل-هـ/6856) لە ڕێکەوتی (2017/12/28) هەستاون بە رادەستکردنی(23) کەس کە بەناوی (1/ابراهیم مرعی حسن سلیم) دەست پێدەکات و بە ناوی (23/حسن علی عبد قادر) کۆتایی دێت، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (1/4له یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە 13 بۆ ساڵی 2005) تۆمەتبارن،بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.

7. نووسراوی ژمارە (ل-هـ/454) لە ڕێکەوتی (2018/1/22) هەستاون بە رادەستکردنی(44) کەس کە بەناوی (1/الیاس احمد خلف علی) دەست پێدەکات و بە ناوی (44/ابراهیم نایف ابراهیم صالح) کۆتایی دێت، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (1/4له یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە 13 بۆ ساڵی 2005) تۆمەتبارن،بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.

8. نووسراوی ژمارە (ل-هـ/453) لە ڕێکەوتی (2018/1/22) هەستاون بە رادەستکردنی(46) کەس کە بەناوی (1/قیس ذیاب علی یاسین) دەست پێدەکات و بە ناوی (46/حمد حسین تمر علی) کۆتایی دێت، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (1/4له یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە 13 بۆ ساڵی 2005) تۆمەتبارن،بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.

9. نووسراوی ژمارە (ل-هـ/6857) لە ڕێکەوتی (2017/12/28) هەستاون بە رادەستکردنی هەردوو تاوانباران(فرحان عطالله حسین علی) و (عبد خلیل عبد روضان)، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (1/4له یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە 13 بۆ ساڵی 2005) تۆمەتبارن،بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.

10. نووسراوی ژمارە (ل-هـ/6858) لە ڕێکەوتی (2017/12/28) هەستاون بە رادەستکردنی هەردوو تاوانباران(فاضل نواف فاضل دبیس) و (نایف نواف فاضل دبیس)، لەگەڵ گشت پەڕاوی

بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (1/4له یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە 13 بۆ ساڵی 2005) تۆمەتبارن،بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.

11. نووسراوی ژمارە (ل-هـ/455) لە رێکەوتی (2018/1/22) هەستاون بە رادەستکردنی(18) کەس کە بەناوی (1/احمد كريم محمد سليمان) دەست پێدەکات و بە ناوی (18/شاكر احمد رشيد محمود) کۆتایی دێت، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (1/4له یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە 13 بۆ ساڵی 2005) تۆمەتبارن،بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.

12. نووسراوی ژمارە (ل-هـ/457) لە رێکەوتی (2018/1/22) هەستاون بە رادەستکردنی هەردوو تاوانباران(محمود عزيز صالح مهدى) و (فراس فارس تركى محمود)، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (1/4له یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە 13 بۆ ساڵی 2005) تۆمەتبارن،بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.

13. نووسراوی ژمارە (ل-هـ/456) لە رێکەوتی (2018/1/22) هەستاون بە رادەستکردنی (7) کەس کە بەناوی (1/ خلف جاسم محيميد خالد) دەست پێدەکات و بە ناوی (7/ عبدالعزيز خلف جاسم محمد) کۆتایی دێت، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (1/4له یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە 13 بۆ ساڵی 2005) تۆمەتبارن بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.

14. نووسراوی ژمارە (ل-هـ/458) لە رێکەوتی (2018/1/22) هەستاون بە رادەستکردنی تاوانباران (سلوان صابر عبدالرحيم صالح) و (فرحان صابر عبدالرحيم صالح) کۆتایی دێت، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (1/4له یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە 13 بۆ ساڵی 2005) تۆمەتبارن،بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.

15. نووسراوی ژمارە (ل-هـ/575) لە رێکەوتی (2018/1/29) هەستاون بە رادەستکردنی (39) کەس کە بەناوی (1/حسن خضر خلف عبوش) دەست پێدەکات و بە ناوی (39/احمد خلف علی هران) کۆتایی دێت، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (1/4له یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە 13 بۆ ساڵی 2005) تۆمەتبارن،بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.

16. نووسراوی ژماره (ل-هـ/574) له ڕێکەوتی (2018/1/29) هەستاون بە ڕادەستکردنی(38) کەس کە بەناوی (1/ ادهام احمد صالح نغیمش) دەست پێدەکات و بە ناوی (38/یاسر شکور محمود احمد) کۆتایی دێت، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (1/4له یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژماره 13 بۆ ساڵی 2005) تۆمەتبارن،بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.
17. نووسراوی ژماره (ل-هـ/577) له ڕێکەوتی (2018/1/29) هەستاون بە ڕادەستکردنی هەردوو تاوانباران (وعد علی صالح شاهین) و (ندا یونس حمد وهاب) کۆتایی دێت، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (1/4له یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژماره 13 بۆ ساڵی 2005) تۆمەتبارن، بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.
18. نووسراوی ژماره (ل-هـ/576) له ڕێکەوتی (2018/1/29) هەستاون بە ڕادەستکردنی(38) کەس کە بەناوی (1/ یاسین مصطفی عبید حمود) دەست پێدەکات و بە ناوی (38/ یونس محمود عیاش صالح) کۆتایی دێت، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکانیان، کەوا بەپێی مادده (1/4له یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژماره 13 بۆ ساڵی 2005) تۆمەتبارن،بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.
19. نووسراوی ژماره (ل-هـ/579) له ڕێکەوتی (2018/1/29) هەستاون بە ڕادەستکردنی تاوانبار (سیف مروان عثمان احمد)، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکەی، کەوا بەپێی مادده (1/4له یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژماره 13 بۆ ساڵی 2005) تۆمەتبارن،بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.
20. نووسراوی ژماره (ل-هـ/578) له ڕێکەوتی (2018/1/29) هەستاون بە ڕادەستکردنی تاوانبار (محمد علی محمد حسین)، لەگەڵ گشت پەڕاوی بەرایی لێکۆڵینەوەکەی، کەوا بەپێی مادده (1/4له یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژماره 13 بۆ ساڵی 2005) تۆمەتبارن، بەمەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.

**<u>ڕێنماییەکانی جەنابی سەرۆک بۆ سەرکردە سەربازییەکان:</u>**

هەر لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەکانی ئازادکردنەوەی ناوچەکانی ژێردەستی تیرۆریستانی داعش جەنابی سەرۆکی هەرێم لە رێکەوتی 2016/3/17 بڕیاری ژمارە (٣)ی دەرکرد بۆ سەرکردە سەربازییەکانی پێشمەرگە ئەمەش دەقەکەیەتی:

پاڵپشت بە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستا ژمارە (١)ی ساڵی 2005ی هەموار کراو و بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و ئەو شەڕە قورسەی تووشی هەرێمی کوردستان بووە لەگەڵ رێکخراوی تیرۆریستی داعش، وێڕای دەستخۆشی لە پێشمەرگە قارەمانەکان بۆ بەرگری بێ وێنە و ئازایەتی و ئەو داستانانەی تۆماریان کردووە لە قارەمانیەتی و بەرخودان و بۆ ئەوەی ناوبانگی پێشمەرگە پارێزراو بێت و بەشێوەیەکی پاک و بێگەرد بگاتە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان پێویستە لەسەر هەموو ئەفسەر و پلەدار و پێشمەرگەکان پابەندی ئەم خاڵانەی خوارەوە بن:

1- جەخت دەکەینەوە لەسەر رەچاوکردنی ناوەڕۆکی بروسکەمان ژمارە (١٢٠) لە رێکەوتی (٢١/2014/8) کە ئاراستەی وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکان کراوە سەبارەت بە پاراستنی رەوشتی بەرزی پێشمەرگە و گەلی کوردستان لە کاتی شەڕی تیرۆریستانی داعش و پێشڕەوییەکاندا و پاراستنی خەڵکی سڤیل ژیانیان لە دەڤەرە رزگارکراوەکان.

2- بە هەموو شێوەیەک خەڵکی سڤیل بپارێزرێت و رێگە نەدرێت دەستدرێژی بکرێتە سەر ماڵ و موڵک وخانووبەرەی خەڵکی سڤیل، و خانوو و ئاوایی گوندەکان بپارێزرێت، لە کاتی ئازادکردنی هەر دەڤەرێک لەژێر دەستی رێکخراوی تیرۆریستی داعش.

3- هیچ هاووڵاتییەک دەستگیر نەکرێت بەبێ بەڵگە و رێکاری یاسایی و لە کاتی دەستگیرکردنی هەر کەسێک پێویستە لە کاتی یاسایی خۆیدا دۆسیەکەی یەکلایی بکرێتەوە بە رێگای دادگا و بە شێوەیەکی یاسایی.

4- هیچ هاووڵاتییەک لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی لە دەڤەرە رزگارکراوەکانی ژێردەستی رێکخراوی تیرۆریستی داعش نەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر، بەبێ هاوکاری یاسایی یان سەربازی.

5- هاتووچۆی گشت هاوڵاتیان بۆهەر شوێنێک ئازادە لە چوارچیوەی رێنماییەکانی ئاسایش و سەربازی هەرێم،و هیچ رێگەگرتنێک نییە لە هاتووچۆی هاوڵاتیان، جگە لە شۆینەکانی هێڵەکانی تەماسی سەربازی.

6- ڕەچاوکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ ویاسا مرۆییەکان لەکاتی هەڵسوکوت کردن لەگەڵ خەڵک وهاوڵاتیان لە هێڵەکانی بەرگری ولەکاتی شەڕدا.

7- هەر کەسێک یان لایەنێک سەرپێچی ئەم خاڵانەی سەرەوە بکات لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵدا ئەنجام دەدرێت.

ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە.

**<u>ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی تلعفر و ناحیەی عیاضیە (ڕۆژئاوای دیجلە) لە نێوان ئاب و ئەیلولی 2017:</u>**

بەر لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ڕزگار کردنەوەی تلعفر و دواتریش، تیرۆریستان بەردەوام هەوڵیان دەدا هێرش بکەن سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکە، هەروەها بۆ ئەوەی دەرچەیەک بکەنەوە و لەو ڕێگایەوە خۆیان بگەیەننە سنوورەکانی سوریا بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جۆرە پیلانیان دانا و هەوڵی زۆرییشیاندا، بۆ نموونە لە ڕێکەوتی 2017/7/13 ڕێگای دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان زانیاری هەواڵگرییان دەستکەوت دەربارەی کۆمەڵە چەکدارێکی داعش کە دزەیان کردبوو بەرەو تلعفر و هەوڵ دەدەن بێنە ناوچەی عیاضیە و دەیانەویست لە پرسەی شێخ موحسن عجیل الیاور شێخی هۆزەکانی شەمەر خۆیان بتەقێننەوە، بەڵام هێزەکانی ئاسایش ڕووبەڕووی تیرۆریستان بوونەوە و شەڕێکی قورس لە نزيك گوندی مثلث لە نزيك ناحیەی ڕەبیعە ڕوویدا کە لە کاتژمێر (10)ی شەو تا (3)ی بەرەبەیان بەردەوام بوو، لە ئەنجامدا هێزەکانی ئاسایش توانییان (17) تیرۆریستی داعش بکوژن و ئۆتۆمبیلەکانیان کە بارهەڵگری جۆری کیا بوو سووتێنران.

مەبەستی تیرۆریستان و شانە نووستووەکانیان ئەوە بوو خۆیان لە نێو پرسەی شێخ موحسن عجیل الیاور شێخی هۆزەکانی شەمەر بتەقێننەوە کە ئەو کات زیاتر لە (500) کەس ئامادەی بوو، بەپێی ئەو گرتە ڤیدیۆییانەی کە تایبەت بەم ڕووداوە دەستکەوتووە دەردەکەوێت کە تیرۆریستان چەکی قورسی وەك (بی کەی سی، ئار بی جی، کلاشینکۆف، پشتێنەی بۆمبڕێژکراو، نارنجۆکی دەستی و چەندین جۆرە چەکێکی دیکەیان پێ بوو، بەڵام هێزەکانی ئاسایش پیلانەکەیان پوچەڵ کردەوە.

لەلایەکی دیکەوە و لە ڕێکەوتی 2017/7/23 کۆمەڵە چەکدارێکی داعش کە ژمارەیان (٢٣) چەکدار بوون بە چەکی گەورە و پشتێنی بۆمبڕێژکراوە هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی هێزی پێشمەرگە لە گوندی (گەلی

محمد)ی سەر بە ناحیەی عیاضیە، لەو هێرشەدا (٢) تیرۆریست خۆیان تەقاندەوە و ژمارەیەکیان کوژران، لە ئەنجامی ئەم کردەوە خۆکوژییەدا (٢) پێشمەرگە بریندار بوون.

هەروەها لە رێکەوتی 2017/8/28 زیاتر لە (٢٠) تیرۆریستی داعش بە پشتێنەی بۆمبڕێژکراو و چەندین جۆرە چەکی دیکە، دزەیان کردبووە ناوچە شاخاوییەکانی نێوان تلعفر و ناحیەی رەبیعە لە گوندی خەریجە و بە نیاز بوون روو لە سنوورەکانی وڵاتی سوریا بکەن، بەڵام لایەنە ئەمنی و سەربازییەکانی هەرێم زانیاریان دەستکەوتبوو دەربارەی دزە کردنی ئەم تیرۆریستانە و نیازیان بۆ هێرش سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە بۆیە ئامادەباشییان هەبوو بۆ رووبەڕووبوونەوەیان، بەشێک لەو تیرۆریستانە بەر لەوەی بگەنە سەنگەرەکانی پێشمەرگە خۆیان تەقاندەوە دواتر شەڕێکی قورس لە نێوان پێشمەرگە و تیرۆریستان روویدا، لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆریان کوژران و (٣) تیرۆریستیش دەستگیر کران.

لە رێکەوتی (2017/8/20) ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵ کردنەوەی قەزای تلعفر و ناحیەی عیاضیە و گوندەکانی دەورووبەری لەلایەن سوپای عێراق و هێزەکانی سەر بە حەشدی شەعبی دەستی پێکرد و ماوەی نزیکەی دوو مانگی خایاند.

لەکاتی بەرێوەچوونی ئۆپەراسیۆنەکە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سڤیلی ناوچەکە ئاوارەبوون و هانایان بۆ سنوورەکایی پێشمەرگە هێنا. هێزەکانی پێشمەرگە بە دڵگەرمی پێشوازییان لە ئاوارەکان کرد وبە ئۆتۆمبێلەکانیان گواستیانەوە بۆ شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلەکانی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق دواتر بەرێگەی ستافی خودی وەزارەتی ناوبراو ئاوارەکان بۆ کەمپەکانی تایبەت بە ئاوارەکان لە شارۆچکەی (حمام العلیل) دەگواستەوە. بەپێی زانیاری ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان دهۆک/ی سەربە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێکەوتی (2017/8/10) تاوەکو (2017/9/6) لەو ماوەیەدا (2393) ئاوارە بۆ کەمپی ئاوارەکان لە (حمام العلیل) گواستراونەتەوە. هەر لە میانەی ئۆپەراسیۆنەکەدا، ژمارەیەکی زۆری چەکداران و سەرکردەکانی داعش روویانکردە بەرزاییەکان و ئەشکەوتەکان و بە رێگای قاچاغچییەکان کە خەڵکی گوندەکانی ناوچەکەبوون، هەروەها بەرامبەر بە(10) هەزار دۆلاری ئەمریکی بۆ هەر چەکدارێک هەوڵی ئەوەیان دەدا هێڵی بەرگری پێشمەرگە لە ناوچەکە ببەزێنن و بەرەو سووریا رابکەن. رێگەیەکی دیکەی چەکدارانی داعش بۆ خۆ دەربازکردن بە بارمتەگرتنی کچ و ئافرەتانی ئێزیدی بوو و هەڕەشەی ئەوەیان لە پێشمەرگە دەکرد کە ئەگەر رێگەیان پێنەدرێت بەرەو سووریا برۆن خۆیان بە کچ و ئافرەتە ئێزیدییەکان دەتەقێننەوە.

هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقی و هاوپەیمانان لە ناوچەکە زانیارییان دەربارەی نیاز و پیلانەکانی چەکدارانی داعش بوون بۆیە پلانێکی تۆکمە داندرا بە مەبەستی دانانی بۆسە لە شوێنە جیاجیاکان بۆ رێگەگرتن لە گەیشتنی چەکدارانی داعش بۆ سووریا و لەم پێناوەش هێزەکانی پێشمەرگە قوربانی زۆریاندا.

ئەمەی خوارەوە ژمارەیەک چالاکی هێزەکانی پێشمەرگەیە کە لە ناوچەکە ئەنجام دراون لە کۆتاییەکانی مانگی ئاب و سەرەتای مانگی ئەیلول واتە لەو ماوەی کە هیومان رایتس ووچ لە راپۆرتەکەیدا ئاماژەی پێکردووە بەبێ ئەوەی وردەکاری تەواویان لەبەر دەست بێت لەلایەن هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە بەپێچەوانەوە تەنیا پشتیان بە وتەی وەهمی هەندێک سەرچاوەی نادیار کردووە، لەم رووداوانەدا ژمارەیەکی بەرچاو چەکدار و سەرکردەی داعش کوژراون:

- لە شەوی (11) لەسەر (2017/7/12) لە گوندی مثلث (572 572 KF 38S) لە نزیک عیاضیە، (17) چەکداری داعش لە کاتی هەڵاتن لە تلعفر بەرەو سووریا لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە کوژراون.
- لە (2017/8/15) لە نێوان هەردووگوندی حەردان و گولات (362 424 KF 38S )، زیاتر لە(25) چەکداری داعش کەوتنە بۆسەیەکی هێزەکانی ئاسایش و لە ئەنجامدا هەموویانکوژران.
- لە (2017/8/17) لە نزیک گوندی قصریج ( 480 771 KF 38S)، (30) چەکداری داعش کەوتنە بۆسەیەکی هێزەکانی ئاسایش و لە ئەنجامدا کوژران کە دوانیان خۆکوژ بوون و خۆیان تەقاندەوە.
- لە شەوی 22 لەسەر (2017/8/23) والی تلعفر بە ناوی (بدر عصمت محمد صالح ال حیوم) ناسراو بە (عبد ال یاخود ابو علی) لە گەڵ (خالد عبدالرحیم عبدالله ال خویت ناسراوبە ابو دجانە) بەرپرسی هەواڵگری و بیت المالی ویلایەتی جزیرە و (محمد نور ابراهیم ال خویت ناسراو بە ابو ولید) بەرپرسی بۆمبرێژکردن لە ویلایەتی جزیرە لە ناوچەی خربە السعدون( 528 766 KF 38S) لە میحوەری رۆژئاوای دیجلە لە کاتی هەڵاتنیان لە تلعفر بە ئاراستەی هێلی پێشمەرگە بۆ خۆدەربازگردن بۆ سووریا لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگە کوژران.
- لە (2017/8/25) لە نزیک گوندی خەرائج ( 390 601 KF 38S)، (25) چەکداری داعش کەوتنە بۆسەیەکی هێزەکانی ئاسایش و لە ئەنجامدا هەموویان کوژران.

- له (2017/8/27) له سنووری گوندی خەرائج (4) چەکداری داعش خۆیان له پێشمەرگه نزیک کردەوه بەمەبەستی دەربازبوون بۆ سووریا بەڵام دواتر کەوتنه بۆسەی پێشمەرگە، چەکدارێک خۆی تەقاندەوه و (3) چەکداری تر لەلایەن پێشمەرگە کوژران .

- له (2017/8/28) لەم کاتانەی خوارەوه رووبەڕووبوونەوه له نێوان پێشمەرگه و چەکدارانی داعش روویداوه و زیانی داعش بەم شێوەی خوارەوه بووه:

- له کاتژمێر (1:25) له گوندی هلوم بشار(38S KF 576 465)، (8) چەکداری داعش لەلایەن پێشمەرگەوه کوژران.
- له کاتژمێر (1:45) له گوندی بشار ( 38S KF 613 459)، (11) چەکداری داعش کوژراون.
- له کاتژمێر (02:35) له گوندی سهل المالح (38S KF 631 446)، (11) چەکداری داعش که له رێگەی قاچاغچییەک هێڵی پێشمەرگەیان بەزاند بوو بۆ سەر هێزه ئەمنییەکان هەموویان کوژران.
- له کاتژمێر (02:55) له گوندی کاخورته (38S 627 489KF)، (٤) چەکدار کوژران.
- له کاتژمێر (03:35) له سنووری گوندەکانی بشار و هلوم (٢٧) چەکداری داعش که زۆربەیان بیانی بوون و به نیازی شکاندنی هێڵی بەرگری پێشمەرگه بوون له رووبەڕووبوونەوەیەکی سەختدا کوژران.
- له کاتژمێر (19:50) له سنووری گوندی بشار (9) چەکداری داعش که گومان دەکرا بیانی بن و پێیان وابوو هێڵی پێشمەرگه لاوازه هێرشیان کرد، بەڵام هەموویان کوژران.
- له کاتژمێر (22:20) له سنووری گوندی (سهل المالح - ناحیەی عیاضیة) ژمارەیەکی زۆر چەکداری داعش هێرشیان کرده سەر پێشمەرگه و دوای شەڕێکی سەخت (٣٦) چەکدار و سەرکردەی داعش کوژران.
- له کاتژمێر (23:15) له سنووری گوندی خەرائج (٢) چەکداری داعش لەلایەن پێشمەرگەوه کوژران.

- له رۆژی (2017/8/29) ئافرەتێکی خۆکوژی داعشی بیانی که لەگەڵ ئاوارەکان هاتبوو له قوتابخانەی سهل المالح (38S KF 63155 45101) خۆی تەقاندەوه له ئەنجامدا پێشمەرگەیەک شەهید بوو و (٥) پێشمەرگەش بریندار بوون، هەروەها (٢) ئافرەت و (٢) منداڵی ئاوارەش شەهید کران.

- له رۆژی (2017/8/29) له سنووری گوندی بشار (١٢) چەکداری داعش کەوتنه بۆسەیەکی پێشمەرگه له ئەنجامدا (٢) چەکدارخۆیان تەقاندەوه و (١٠) چەکداری تریش کوژران.

- له رۆژی (2017/8/29) له گوندی بشار (٣) چەکدار کوژران.

- له رۆژی (2017/8/29) له گوندی قصبة الراعی، (٢٥) چەکداری داعش دزەیان کردبووە پشت هێڵی پێشمەرگە، بەڵام دوای گەیشتنی زانیاری هەواڵگری هێزێکی پێشمەرگە بۆ شوێنی مانەوەیان جووڵەی پێکرا و له ئەنجامی شەڕ و پێکدادان هەموو ئەو چەکدارانە کوژران.

- له رۆژی (2017/8/29) له گوندی سهل المالح/ ناحیەی عیاضیة)، (١٠) چەکداری داعش لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە کوژران و ژمارەیەکیش رایانکرد.

- له رۆژی (2017/8/29) له سنووری (سهل المالح/ ناحیەی عیاضیة) شەڕ له نێوان پێشمەرگە کۆمەڵێک چەکداری داعش روویدا و دوای یەک کاتژمێر شەڕ، تەرمی (9) چەکداری داهش کەوتە ژێر دەستی پێشمەرگە.

- له رۆژی (2017/8/30) چەکدارێکی داعش کە پشتێنەی بۆمبڕێژکراوی بەستبوو و دوو ئافرەت (ئێزیدی و عەرەب) و (٣) منداڵ له سنووری قصبة الراعی خۆیان له پێشمەرگە نزیک کردەوە، چەکدارەکە هەڕەشەی ئەوەی له پێشمەرگە کرد کە ئەگەر رێگەی پێنەدرێت بەرەو سوریا بڕۆن ئەوا خۆی بە ئافرەت و منداڵەکانەوە دەتەقێنێتەوە، دواتر لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە ئەم چەکدارە بە قەناس کوژرا و ئافرەت و منداڵەکانیش رزگار کران.

- له شەوی 30 لەسەر 2017/8/31 له ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی پاراستنی شنگال و ئاسایشی رۆژئاوای دیجلە، (٣) چەکداری داعش کە بە نیاز بوون له گوندی تل الشور (43495 44164 KF 38S) سەر بە عیاضیة بەرەو سوریا رابکەن، له نزیک گوندی حردان (40072 40602 40602 KF 38S)کوژران.

- له کاتژمێر (23:25)ی رێکەوتی (2017/8/30) له گوندی (سهل المالح/ ناحیەی عیاضیة) نزیکەی (٥٠) چەکداری داعش له گوندی (قصبه الراعی)یەوە بە ئاراستەی پێشمەرگە هاتبوون هێرشیان کردە سەر پێشمەرگە و شەڕێکی سەخت روویدا له ئەنجامدا (٢٠) چەکداری داعش کوژران و تەرمەکانیان له نزیک هێڵی بەرگری پێشمەرگە کەتبوون.

- له رۆژی (2017/8/3١) له گوندی بشار، (٢) چەکداری خۆکوژی داعش کوژران.

- له رۆژی (2017/٩/١) له گوندی خرائج (٣) خۆکوژی داعش کەوتنە بۆسەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە و له ئەنجامدا چەکدارێک خۆی تەقاندەوە و (٢) چەکداری تر کوژران.

- له رۆژی (2017/٩/١) کاتژمێر (02:00) له سنووری گوندی بشار (٧) چەکداری داعش کوژران.

- له رۆژی (2017/٩/١) له سنووری گوندی قصبة الراعی، کۆمەڵێک چەکداری بیانی کە شارەزای ناوچەکە نەبوون بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەرەو هێڵی پێشمەرگە دەهاتن و تەقەیان دەکرد، دواتر لەلایەن وەڵامیان درایەوە و بەرەبەیانی رۆژئاوا رۆژی دواتر لە نزیک هێڵی پێشمەرگە بەجێمابوون.
- له رۆژی (2017/٩/٢) له کاتژمێر (05:13) له سنووری گوندی خەرائج (٣) چەکداری خۆیان تەقاندەوە.
- له رۆژی (2017/٩/٢) له گوندی سهل المالح، (٨) چەکدار کەوتنە بۆسەیەکی پێشمەرگە و لە ئەنجامدا (٦) چەکدار کوژران و (٢) چەکدار رایانکرد.
- له رۆژی (2017/٩/3) له گوندی هلوم، (١٥) چەکداری داعش خۆیان لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە نزیک کردەوە، سەرەتا خۆیان وەک ئاوارە بە پێشمەرگە ناساندبوو، بەڵام دواتر تەقەیان لە پێشمەرگە کرد و لە ئەنجامدا (٨) چەکدار کوژران و ئەوانی تر رایان کرد.
- له رۆژی (2017/٩/٤) له گوندی خەرائج ، (٢) چەکدار کوژران.
- له ٢٠١٧\٩\٤, له گوندی بشار، (١٦) چەکداری داعش کەوتنە بۆسەیەکی پێشمەرگە وله ئەنجام ٦ چەکداری کۆژران و ئەوانیتر ڕایان کرد.
- له ٢٠١٧\٩\٥ لەنزیک گوندی سهل المالح (446 631 KF 38S)، (50) چەکداری داعش کەوتنە بۆسەیەکی هێزەکانی ئاسایش لە ئەنجامدا هەموویان کوژران کە زۆربەیان سەرکردەی داعشی بە رەگەز بیانی بوون.
- له ٢٠١٧\٩\٦ له کاتژمێر (٢٠:٣٠)، له گوندی سهل المالح، (2) چەکداری بیانی لەلایەن پێشمەرگەوە کوژران.
- له ٢٠١٧\٩\٧ له گوندی بير حلو (485 569 KF S38)، (20) چەکداری داعش کەوتنە بۆسەیەکی پێشمەرگە وله ئەنجام ١٤ چەکدار کوژران (6)چەکداری تر بەرەو بەرزاییەکانی ئەشکەوت ڕایان کرد.
- له ٢٠١٧\٩\٩ له گوندی قصريج (480 770 KF S38)، (3)چەکداری داعش کە دەیانویست بەرەو سوریا ڕابکەن لەلایەن پێشمەرگەوە کوژران.
- له ٢٠١٧\٩\١١ له گوندی (سهل المالح/ناحيەی عياضيه) ، (23)چەکداری داعش کەوتنە بۆسەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە و لە ئەنجامدا (13)چەکدار کە (3) یان بیانی بوون کوژران و(2) چەکدار خۆیان تەقاندەوە و (8) چەکداری تر ڕایان کرد بەڵام دواتر لەلایەن هەلیکۆپتەرەکانی عێراقی کرانە ئامانج وکوژران.

- له ٢٠١٧/٩/١٢له کاتژمێر (٢٣:٣٥)، له سنووری گوندی (سهل المالح/ناحیەی عیاضیة)، (5) چەکداری بیانی کە دەیانویست هێڵی پێشمەرگە ببەزێنن بەرەو سووریا, لەلایەن پێشمەرگە کوژران.
- له ٢٠١٧/٩/١٥له گوندی (سهل المالح/ ناحیەی عیاضیة)، (12) چەکداری کەوتنە بۆسەی هێزەکانی پێشمەرگە وله ئەنجامدا (10) چەکدار کوژران و(2) چەکداری تر ڕایان کرد.

__تێبینی:__ ئەوەی شایانی باسە هەموو ئەو تەرمانەی چەکدارانی داعش کە دەکەوتنە دەست هێزەکانی پێشمەرگە، وەک ئەرکێکی ئەخلاقی وئایینی و بۆ پاراستنی ژینگە و ڕێگە گرتن لە تێکچوونی تەرمەکان و بڵاونەبوونەوەی نەخۆشی پێشمەرگە لە زووترین کات هەلساوە بە ناشتنیان.

__بەیاننامەی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پێشمەرگە دەربارەی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی تلعفر و عیاضیە:__

فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگە لە ٢٠١٧/٨/٢٩ بەیاننامەیەکی بڵاوکراوەتەوە و تێیدا هاتووە: دوای شەڕێکی قورس لە ماوەی (72) کاتژمێری رابردوودا تیرۆریستانی داعش تووشی شکست وزیانی گەورە هاتن وهەوڵی ئەوەیاندا کە ڕێگایەک بۆ خۆدەربازکردن بەرەو سووریا بکەنەوە، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەیی تەواویان هەبوو و لە باکووری تلعفر و ئاڤگەنی (عیاضیة) کەوتنە بۆسەی پێشمەرگە وله ئەنجامدا (130) تیرۆرستی داعش کوژران.

__لێدوانی فەرماندەیی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا:__

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا لە (٢٠١٧/٨/٣١) جەنرال تاونسند فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانان دژی داعش لە عێراق و سووریا کە لە سایتی فەرمی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بڵاوکراوتەوە هاتووە: لە ئۆپەراسیۆنی تلعفر (١٠٠٠ بۆ ١٢٠٠) چەکداری داعش کوژراون لەلایەن هێزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتییەوە، هەروەها (١٣٠ ) چەکداری دیکەی داعشیش لە کاتی هەڵاتنیان بە ئاراستەی باکوور بەرەو سنوورەکانی سوریا لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە کوژراون کە بە نیازبوون هێڵەکانی پێشمەرگە ببەزێنن.

__بەدواداچوونی وەزارەتی پێشمەرگە لەسەر ڕووداوەکانی رۆژئاوای دیجلە (لێژنەی لێکۆڵینەوە):__

بۆ بەداواچوونی ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای دیجلە وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمانی ژمارە (أ/1/16801) بڕیاریدا بە پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە کە لە ژمارەیەک ئەفسەر پلە بەرزی وەزارەت پێکهاتووە، لیژنەکە دەستی بە کارەکانی خۆی کرد بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی ئەفسەرە مەیدانییەکانی ناوچەکەی کرد بۆ ئاگادار بوونەوە لە وردەکارییەکانی ڕووداوەکان.

**<u>لە ئەنجامی لێ وردبوونەوە لە ناوەڕۆکی گوفتاری فەرماندە مەیدانییەکانی دەڤەرەکە، لیژنەکە گەیشتە ئەم دەرەنجامانە:</u>**

1- لە میحوەری ناوچەی عیاضیە (ئاڤگەنی) و صەهریج و باشووری زوممار بە درێژایی شەش کیلۆمەتر لەو ناوچەیە هیچ دیلێکی چەکدارانی داعش نەکەوتۆتە دەستی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچەیە، بە هەمان شێوە هیچ چەکدارێک خۆی ڕادەستی ئەم هێزە نەکردووە، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگری ڕوویداوە و چەندین جار چەکدارانی داعش لەو کاتەدا هێرشیان هێناوەتە سەر هێزەکانی پێشمەرگە و لە ڕووبەڕووبوونەوەکاندا چەکدارەکان کوژراون و لە ئەنجامی نزیک بوونەوەی هێزی پێشمەرگە لە تەرمەکانیان وادیارە یان بریندار بوون یان لە ڕێگای ریمۆت کۆنترۆڵەوە تەقێندراونەتەوە بە هێزەکانی پێشمەرگەوە و لە ئەنجامدا ژمارەیەک پێشمەرگە بریندار بوون، ئەوەش بە بەڵگە و گرتەی ڤیدیۆیی تۆمار کراوە.

2- لە ناوچەی بیرعەلۆش لە ماوەی پرۆسەی ئازاد کردنی تلعفر و دەوروبەری هیچ چەکدارێکی داعش خۆی ڕادەستی هێزەکانی پێشمەرگە نەکردووە، تەنانەت لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعش لەو ناوچەیە لە بەرواری (2017/8/20 تاکو 2017/9/25) چەندین جار چەکدارەکان هێرشیان کردۆتە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچەیە، بۆ نموونە لە گوندەکانی (الخرائج ، هلوم، بشار) چەکدارەکان لە کاتی هێرش کردنیان هەندێکیان کوژراون و چەند چەکدارێک خۆیان تەقاندۆتەوە تەرمەکانیان لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە جێمابوون و لەم ڕووبەڕووبوونەوە پێشمەرگەیەک بە ناوی (جلال حسن حسین) شەهید بوو و ئەفسەرێک و پێشمەرگەیەک بریندار بوون.

3- لە ناوچەکانی دەوروبەری تلعفر لە گوندی (قصبة الراعی) لە کاتی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی تلعفر بە هاوبەشی لەگەڵ سوپای عێراق دەرکەوت کە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا (١٢) چەکداری داعش کوژراون و

هیچ چەکدارێک خۆی رادەستی هێزەکە نەکردووە لە دەرەوەی سەنگەرەکانی پێشمەرگەش ژمارەیەک کەس (٢٠) بوون کە چەکداری داعش و خێزانەکانیان بوون بە هۆی بۆردمانی هەلیکۆپتەری جەنگی سوپای عێراقی کوژرا بوون و تەرمەکانیان جێمابوون.

4- لەو شەڕانەی کە لە ناوچەکە روویاندا بەتایبەتی شەڕی گوندی (قصبة الراعی) روویدا و تێیدا (١٢) تیرۆریستی داعش کوژران هیچ کەسێک لە دەرەوەی بەرەکانی جەنگ بەشێوەی نا یاسایی مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە و چەکدارە بیانییەکانی ریزەکانی تیرۆریستانی داعش خۆیان رادەستی سوپای عێراقی و حەشدی شەعبی کردووە لە ناوچەکە.